**بۆ سکرتێری فیدراسیونی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بەریز ڕێبوار عارف**

**پاش ڕێزو سلاوم بۆتان**

**بەڕێز ڕیبوار عارف ، من کە ناوم کۆسار شریفی هاولاتی استرلیا، دانیشتووی شاری Brisbane لەبەرواری** 11 / 12 / 2005**بەسەردانێك گەڕامەوە بۆ کوردستان ، بەلام لە ڕۆژی** 12 / 1 / 2006 **کاتژمیر** 5،45 **دەقیقەی سەر لە ئیوارە لە شاری هەلەبجە لەلایەن چەند چەکداریك و پۆلیسی بەریوەبەرایەتی شاری هەلەبجەوە بانگ کرام و دوایان لیٚ کردم لەگەلیان برۆم چونکە چەند پرسیاریکیان لێم هەیە . پاشان بە ئۆتۆمبێلیکی خۆیان منیان لەگەل برد بەرەو دەرەوەی شارو بە دریژای ئەو ریگەیە ئیهانەو سووکایەتی یان پیکردین و بە قسەپیٚ ووتن و سووکایەتی پیٚ کردن دووچاری نارەحەتیەکی زۆریان کردم . هەرچەند من تەواوی کاتەکە هەوالم ئەدا کە ئارامیان بکەمەوە لەوە حالی ببم کە بزانم کێشەکە چی یە بەلام ئەوان هەر لە کردوەی خۆیان بەردەوام بوون ئەوە بوو پاش دوورکەوتنەوە لە شار بەدەم لیدانەوە دایان گرتم و کەتنە ویزەم . ئەو کەسانەی کە لە منیان دا ئەم چەند کەسەبوو : ملازمیك بە ناوی ( هەریم عسمان علی ) کە ملازمی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەلەبجەی شەهیدە دەستی کرد بە پەلاماردان و لێدان دەمانچەی لیٚ دەرهێنام ئیتر منیش گەوتمە بەرگری کردن لە خۆم پاشان دوو کەسی تر پەلاماریان دام هەروەها ناوی ئەو کەسانەی تر بەم شێوە بوو : مەهدی علی پێشمەرگەی فەرماندەی گشتی سلیمانی ، دلاوەر حسین ئیشوکاری نەزانراوە غازی کە خاوەن سەیارەکەیە و ناوی باوکی نەزانراوە .**

**بەو جۆرە پاش لێدانێکی زۆر دواتر منیان برد بۆ بنکەی پۆلیس و لەوێش کەوتنەوە ئیهانەو سووکایەتی پێکردنم، زۆری نەبرد کە خزم و کەس وکارو دۆستانم بە مەسەکەیان زانی وهاتن بۆ بنکەی پۆلیس. بەلام ئەو پۆلیس و ئەفەسەرەی کە منیان بانگ کرد خۆیان ئەو ناوەیان بەجیٚ هێشت و ڕۆشتن منیش بەبیٚ هیچ لێپرسینەوە یەك ئازاد کرام. بە پیویستی دەزانم کە ئاگادارتان بکەمنەوە کە هەر لە کاتی ئەم ڕووداوەدا ئەو پۆلیس و ئاسایشە جزدانەکەی منیان برد کە بڕی** 2000 **دۆلاری ئەمریکی تیدا بوو لەگەل تەلەفونی دەستی یەکەم و چەند بەڵگەنامەیەکی تردا.**

**بەڕێزان من بە مافی خۆمی دەزانم لە بارەی کێشەکەمەوە ڕووتان تیٚ بکەم و وەك ڕێکخراوێك کە تا ئێستە دەورێکی بەرچاوتان هەبوو لە بارەی داکۆکی کردن لە پەنابەران و پیشیلکاریەکانی مافی مرۆڤەوە ، بۆیە داواتان لیٚ دەکەم کە دەنگی من ڕاستەخۆ بگەیەننە حکومەتی استرلیا بۆ بەداوچوون لەسەر کێشەکەم و لیپرسینەوە لە کەسانێك کە ئەو کارەیان ئەنجامداوە. بە تیابەت ئەوەی کە زۆر جیگەی نیگەرانی یە هەڵویست و مامەلەی ئاسایش و کاربەدەستانی حکومەی یە کە تا ئیستا هیچ اجرائاتیکیان نەکردوە بۆ راپەراندنی کارەکانم و گەرانەوەی بەلگەنامەکانم.**

**ئەمە لەکاتیکدایە کە ملازم ( هەریم عسمان علی ) سەر بە ئیدارەی شاری سلیمانی یەو کردەوەی لەو جۆرە لەلایەن پیاوانی سەر بە دەزگاکانی ئاسایشەوە بۆ من زۆر زیاتر جێگەی نیگەرانی بۆیە داواتان لی دەکەم کە تەواوی هەول وتەقەلای خۆتان بدەن بۆ بەدواچوون لەسەر کێشەکەم و تالە ڕێگەی یاساوە بەر بەمجۆر دەست دریژیانە بگریت دژ بە من و خەلکی کوردستان .**

**نسخەی ئەم نامە بۆ :**

**سەرۆکی حکومەتی هەریم بەریز مسعود بەرزانی**

**نسخەی ئەم نامە بۆ هەموو دەزگانی راگەیاندن**

**ئاسایشی ئیدارەی سلیمانی**

**وەزارەتی دەرەوەی استرلیا**

**سەرکەوتووبن**

**کۆسار شریفی**

2006 / 1 / 26